هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوەمرۆییەکان
بەشی کارگێری

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة والمواد البشرية
قسم الادارة

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

NO :
DATE: ٢٠٢٠/٧/٢٦

ژمارە : ١٠٤٧١
ڕێکەوت : ٥/٥/ ٢٧٢٠ کوردی

## بەیانی ژمارە (٤٥) ی ساڵی ٢٠٢٠
## مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل

بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) و نوێنەرانی کۆمپانیاکانی پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبیل لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٣ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.
**بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:**

### مەرجە گشتییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل

**ماددەی یەکەم:**

١- ئۆتۆمبێل دەبێت بە لایەنی کەم دوو (ئێرباگ)ی لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و سیستەمی (ABS)ی هەبێت.
٢- بڕوانامەی (COC) تایبەت بۆ ئۆتۆمبیل کە لە دەروازەیەکی سنووری هاوەردەکرێن دەبێت بڕوانامەی ئەو کۆمپانیایانەی بۆ بکرێت کە لەو دەروازە سنوورییە کاردەکات و مۆر و پشتراست بکرێتەوە.
٣- ئۆتۆمبیلی جۆری پاص لە (١٤) نەفەر کەمتر دەبێت بە لایەنی کەم دوو (ئێرباگ)ی هەبێت لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و لە (١٤) نەفەر بەرەو سەرەوە مەرج نیە (ئێرباگ)ی هەبێت.
٤- ئۆتۆمبیلی کلاسیك دەبێت بە لایەنی کەم (٤٠) ساڵ بەسەر دروست کردنی تێپەر بووبێت و دوای تومارکردنی هیچ کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.
٥- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی خوار مودێل تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت و کار بە هیچ نوسراوێك ناکرێت کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ نەبێت.
٦- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە.
٧- ئۆتۆمبێلی کارەبا یان هەجین بە ڕسوماتی (٤) پستون تۆمار دەکرێت.
٨- هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو یان تۆماری یەکەمین جار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگاکان چارەسەر دەکرێت.
٩- ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵی و بنیاسازی (الزراعیە و الإنشائیە) مەرج نیە ئێرباگی هەبێت.

١٠- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دوو مودێل (کۆن)تر لە مودێلی ساڵ ڕێگەپێدراوە تا (١١/١)ی هەموو ساڵێك.

١١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی ساڵی نوێ لە (٩/١)ی هەموو ساڵێك دەست پێ دەکات.

١٢- گشت ئەو ئۆتۆمبیلانەی بە سووتەمەنی (بەنزین، گاز، غاز، کارەبا) کار دەکەن دەهێنرێنە ژوورەوە بە پێی ڕێنماییەکان.

**ماددەی دووەم:**

١. پێویستە ئۆتۆمبیلی (کیلۆمەتر سفر) بڕوانامەی (COC) لەگەڵدا بێت یان پشکنینی کواڵیتی لە دەروازە سنورییەکان لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنین بۆ بکرێت.

٢. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم تەنیا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێت و ناکرێت خاوەندارێتی بگوازرێتەوە جگە لەوانەی کە بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦ دەفرۆشرێت وە هەر ئۆتۆمبێلێك بهێندرێتە ناوەوەی هەرێم بە پێی یاسای ئامادەپێکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە کاتی فرۆشتنی.

٣. ئۆتۆمبیل دەبێت لە (١٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەڕۆیشتبێت کاتێك دەگاتە دەروازە سنوورییەکان و بە (کیلۆمەتر سفر) ئەژماردەکرێت.

## مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو

**ماددەی سێیەم:**

١. ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت (Clean Title) بێت.

٢. ئۆتۆمبێلی (Clean Title) ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. ژێرئاو کەوتوو و سووتاو و بڕاوە نەبێت.

ب. شاصی و بەدەنی لێدراو نەبێت.

ج. توکمەی دەرگا و بان و بەدەنی پێشەوە و پشتەوەی لێدراو نەبێت.

د. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ڕاپورتی (CAR FAX) دەستەواژەی (Minor Damage) یان تێدا هاتووە ئەگەر هیچ کام لە خالەکانی (أ.ب.ج)ی سەرەوەیان نەبێت.

ه. ئێرباگەکانی کار بکەن .

و. بویاغی لەسەر ساغی بۆ جوانی یان شاردنەوەی شوخت و لێدراوی بچووك بە بێ ئەوەی کارتێکردنی کردبێت لەو پارچانەی کە (أ.ب.ج)ی سەرەوەیان ئاماژەی پێدراوە.

٣. ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هاوردە دەکرێن لە وڵاتانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، مەکسیك) دەبێت (COC) یان هەبێت و (کار فاکس)یان بۆ بکرێت.

٤. ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی (کار فاکس) پەیڕەو ناکرێت، داوای سیستەمی ئەو وڵاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتی بۆ بکرێت.

٥. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ کاری پۆلیس و تاکسی و کۆمپانیاکان بەکارهاتووە ڕێگایان پێ دەدرێت هاوردە بکرێن بەو مەرجانەی کە لەم بەیانە دیاری کراوە.

٦. بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان پابەندن بە تۆمارکردنی سەرجەم ئۆتۆمبیلە هاوردەکراوەکان بە پێی ئەم بەیانە.

٧. لیژنە هۆنەرییەکانی کە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێك هێنراون پشکنینی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە ئەم بەیانە هاتووە دەکەن.

٨. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە نێوان ماوەی داخل بوونیان لە دەروازەی سنوری و تومارکردنیان تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن، بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند و بە پێی هێلکاری شوێنی ڕووداو (مخطط محل الحادث) کە لە لایەن ئەفسەری هاتووچۆ ئەنجام دەدرێت تۆمار دەکرێن دوای چاککردنەوەیان بە مەرجێك بە پێی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکرا بن .

٩. ڕاپورتی (CAR FAX) یان هەر ڕاپورتێکی تر تایبەت بە ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو وەك ڕێبەرێك (دلیل) بەکاردێت لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالێتی و پێدانی (COC) و ئەگەر لە نێوان ئەو ڕاپورتانە و (COC) ئۆتۆمبێل جیاوازی هەبێت ئەوا پشت بە بروانامەی (COC) دەبەسترێت.

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی چوارەم:**

١. بری (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت لە کاتی ئەنجام دانی پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە دەروازەی سنوری بە هەموو جورەکانی.

٢. ئەو برە پارەیەی برگەی (١) بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت وەك داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت.

٣. بری (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە مەبەستی دلنیابوون لە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم بەیانە و دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی پێنجەم:**

پێبژاردنەکانی سەرپێچی کردن:

**یەکەم:** ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالێتی پابەند نەبن بەم برگانەی لەم بەیانە هاتووە سزای پێبژاردن دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بۆ جاری یەکەم بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٢. بۆ جاری دوووەم بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٣. بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٤. هەر جارێکی دیکە کە دووبارە ببێتەوە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخرێتە سەر دوای سزای پێشووتری کە دراوە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٥. ئەو بڕە پارانە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت وەك داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت.

**دووەم:**

١. ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی ڕێنماییەکان ئۆتۆمبێل هاوردە بکەن و بهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا پێبژاردنیان پێ دەکرێت بە بری (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیون دینار.

٢. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە پێچەوانەی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکراون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێم دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەروازەی کە لێی هاوردەکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیا یان لایەنی هاوردەکەر.

**ماددەی شەشەم:**

هەر ئەفسەرێك یان کارمەندێکی هاتووچۆ یان پۆلیس یان فەرمانبەری شارستانی کە تایبەتمەندن بە پشکنین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل کەمتەرخەمی بنوێنێت یان چاوپووشی بکات لە جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم بەیانە ئەوا بە پێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**ماددەی حەفتەم:**

١. ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئۆتۆمبێلانە دەگرێتەوە کە لە دوای ٢٠٢٠/١/١ هاوردەی ناو هەرێم کراون لە رێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

٢. کار بە هیچ رێنمایی و بەیانێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەک بۆ:**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.دیوان / لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.گومرگ / لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی داد/ رۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.